سبەینێ.. بەرشەلۆنە و ریاڵ مەدرید یاری کۆتایی جامی شا ئینجامدەدەن



سبەینێ لە جامی شا بەرشەلۆنە و ریاڵ مەدرید یاری کۆتایی ئینجامدەدەن و براوەی نازناوەکە یەکلادەکەنەوە.

سبەینێ لە یاری کۆتایی جامی شای ئیسپانیا و لە کاتژمێر 11ی شەودا، هەردوو یانەی بەرشەلۆنە و ریاڵ مەدرید لە یاری کلاسیکدا و لە یاریگای لاکارتوخا رووبەرووی یەکدەبنەوە.

بەرشەلۆنە کە لە رابردوودا 31 جار بووەتە پاڵەوانی جامی شا و ئۆش زۆرترینە لە مێژووی پاڵەوانێتییەکەدا دێوەت بە بردنەوەی ئەم یارییە ژمارەی نازناوەکانی زیادبکات.

لە بەرامبەردا ریاڵ مەدرید ئامانجی ئۆیێ 21ەمین نازناوی جامی شا لە مێژووی زێیدا بەدەستبهێنێت جگە لەوەش تۆڵەی دوو شکستەکەی لە دوو کلاسیکەی رابردودا لە بەرشەلۆنە بکاتەوە.

یانە کتەلۆنییەکە لەم وەرزەی جامی شای ئیسپانیا تا ئێستا پێنج یاری ئینجامداوە و چوار بردنەوە و

یەکسانبوونکی هەیە، 18 گۆڵی تەمارکردووە و پێنج گۆڵی لێکراوە، لە بەرامبەردا یانی شاهانە چوار بردنەوە و یەکسانبوونکی هەیە، وە هەروەها 18 گۆڵی کردووە و هەشت گۆڵی لێکراوە.